


# هونەرمەندی شێوەکار (بەهادین):

## هونەرمەند دەبێت هونەرییانە تەماشای هونەر بکات نەك ناسیۆنالیزمانە!!

دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن

لەنێو ڕەوتی هونەری شێوەکاری کوردیو بەتایبەت لاوە شێوەکارەکان هونەرمەندی شێوەکار (بەهادین) ناوێکی دیارە، ئەم شێوەکارە بەشداریی چەندین پێشانگەی شێوەکاریی کردووە، چ لەناو کوردستان یاخود لەوڵاتانی تری ئەسکەندەنافیو فەرەنساو ئیتاڵیاو سویسراو ئیسپانیاو ئەڵمانیا.. بەهادین دیزاینەرێکی وردو شارەزاشەو خاوەنی چەند بەرهەمێکی هونەریی دانیسقەیە



تابلۆیەکی بەهادین

لەم بوارەدا: (پرۆژەی دیزاینکردنی شەقامێك كە (600)مەتر درێژە بۆ ساڵی 2007) كە لەشاری مانهایم لەئەڵمانیا بەئەنجامی دەگەیەنێت.. هەندێ لە كارەكانیشی وەك پولی پۆستەر بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بەچاپگەیەنراوە. لەسەردانەوەی بۆ كوردستان ئەم دیدارەمان لەگەڵ ساز كرد:

***یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی هەر هونەرمەندێك هەبوونی ستایل‌و شێوازی كاركردنی هونەرییە، تا چەند ستایل گرنگە بۆ هونەرمەند، تا چەند بەهادین خاوەن ستایلی خۆیەتی؟**

–ستایل تایبەتە بەكاركردنی هونەرمەندو چۆنێتیی دۆزینەوەی رۆحی لەناو هەمیشە بەردەوامبوونی عەقڵیەتی هونەرمەند بەرامبەر گشت دارشتەو پێكهاتنێكدا. هونەرمەند بە دۆزینەوە دەگاتە ستایل‌و رێچكەیەكی تایبەتی‌و دواجاریش ئەم ستایلە دەكرێتە مۆركی هونەرمەند، بەجۆرێك كە هونەرمەند بەردەوام بێت لەسەر شێوازەكەی‌و رەخنەگرانی هونەری شێوەكاریش ئەوە دەسەلمێنن كە ئەم هونەرمەندە ستایلەكەی بەتەنها پەیوەستە بەخۆیەوە نەك جیاوازیی كارەكان. هەر سەردەمێك بەجۆرێك كارو دارشتنی تیادا بێت‌و نەناسرێتەوە. كاری هونەرمەند هێڵێك یان مۆتیڤێك دەستنیشانی دەكات، كە ئەوە دەردەخات ستایلەكەی بەمجۆرەیەو دیارە. من سەرەتای هێڵی دۆزینەوەی كارەكانم كە لەسەر یەك هێڵی ناسینەوە بمێنێتەوەو كاریگەریی نەبێتە سەر

ئێستاتیکای بینینی کارەکانمو بتوانم بەهەموو جۆرێك بناسرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1999، کە چۆن بەرزونزمی لەسەر خام دەربخەمو چۆن وەك دیوارە کۆنەکانی شاری مەدریدو ئیتاڵیا دەربکەوێت، کە بەبێ دەستکاریی مرۆڤ جوانییەکی تایبەتی تێدا دەبینرێت، بەڵام من بەجۆرێك شێوازەکەم گۆڕا. مۆتیڤی تابلۆکانی ساڵانی 96-97 لەناو کارە نوێیەکانم بەردەوام بوونو تەنها جۆرە شێوازێك دروست بوون، کە قووڵتر چێژی تێدا بەدی بکرێتو تەواو بناسرێتو 2003 تەواو کارەکانم لەوێوە ناسران. کارکردنی هونەرمەندو دۆزینەوەی ستایلی تایبەت بەخۆی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی هەمیشەیی هونەرمەندەکە خۆی، کە دواجار ستایلێك بۆ خۆی دیاری دەکاتو بەختەوەری بەدەست دەهێنێت. بێگومان سەرجەم ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزابوونی خێرای هونەرمەند لە تەجروبەکانو تازەگەریو بینینی دەوروبەر، بەمانای ئاگاداربوون لەهەموو جۆرە کارێکی هونەریو چێژوەرگرتن لێیان.

ستایلیش بۆ هونەرمەند خۆی دەبێتە ستایلو بەبێ ئەوەی هونەرمەند پلانی بۆ دانێ چونکە کاری هونەری یاسا نییەو پەیوەندیی بە ڕۆحی هونەرمەندەوە هەیەو دەبێتە ڕاگەیاندنی ستایلێکی تایبەت بەهونەرمەند. بۆیە بەلای منەوە دۆزینەوەی ستایل لەلایەن هونەرمەندەوە گرنگە تاوەکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە جیاوازییەکانی خۆی نیشان بدات.

بۆیە دەتوانین بڵێین کارکردنی هونەرمەندو دۆزینەوەی ستایلی تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ هەمیشە بەردەوامبوونی هونەرمەندو کاری بڕوا بەخۆبوونو چۆن حاڵەتەکانی دەروونی مرۆڤ بەختەوەر دەکاتو دەبێتە سەرەتا بۆ دۆزینەوەی ستایلو هەندێجار هونەرمەند حاڵەتەکانی دەروونی خۆی کاریگەرە بۆ گۆڕانکاریی ژیانی تایبەتیو ڕەنگو بۆچوونو تەنانەت کارە هونەرییەکانیشی.

***ڕەوتی هونەری شێوەکاریی کوردی چۆن دەبینیو گرفتو ئاستەنگەکانی ئەم ڕەوتە لەچیدا دەبینیتەوە؟**

–هونەری شێوەکاریی کوردی، پرسیارەو من هونەری شێوەکاری نابینم کە ناوی وڵاتی پێوە بێت، کە لەدەرەوەی وڵاتانی (ئاسیا) کە جیاوازن. بەگشتی هونەری شێوەکاری دەبێت ناوی وڵاتو جێگای نادیار بێتو هونەر هەر هونەرە، بەڵام لەبینینم لەهونەرکارانی کوردستان.. گەڕانە بەدوای تازەگەریو دەبێت فەلسەفەی بوونی تازەگەری بوونی ڕۆحی هونەرمەندی تێدا بێت نەك تەنها بوترێت کاری ئەبستراکت یان مۆدێرن.. چاولێکەریو دووبارەبوونەوە زۆرە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە لەئاستی نزمدا بێت.. هونەرمەند دەبێت خاوەنی تەنها کارەکەی خۆی بێتو کەس ڕازی نەکات.. چۆن؟ چونکە لەوێدا دەستکاریی ڕۆحو هەستی هونەرمەند سەربەست نابێت.. لەو ڕێگایەی کە لە مەهزەلەیەکی تێنەگەیشتندا دەمێننەوە.. لێکدانەوەو شیکردنەوەی کاری هونەر بێ نرخە.. هیچ مانایەك نابەخشێ.. بینەری کوردی یان بڵێین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە نییە هێمنی بدات بەبیرکردنەوەو ڕای هونەرمەند ئازاد بکاتو کاری سەرکەوتووی نایەتە بەرهەم. بۆ ئەم هۆکارە هونەری شێوەکاریی کوردی، کە هەندێك دەڵێن سەرەتای نییە، نەخێر سەرەتای هەیەو زۆر بەدەستنیشان کراوییەوە، لە کوێوە مۆدێرنو تازەگەری لەعەقڵیەتی هونەرمەندی کورددا زیاتر دروست بوو؟! لەساڵانی 1991-1992، چونکە لەوێوە هونەرمەندان سودیان لەڕۆژنامەو گۆڤاری دەرەوە وەرگرت، گەر هونەرمەند بەئاگا نەبێت لەو پرۆژەو نوێکارییانەی دونیا ناتوانێت هەنگاوەکانی فراوانو جوان بێت، بەڵام دەبێت فەلسەفەی تایبەتمەندی لەناونەچێتو سەر

لێشێواوانە کاری تێدا نەکرێت و ئەبستراکت و تازەگەریش تەنها هونەری شێوکاری نییە. هونەرمەند خۆشی بابەتێکەو کەسێتیی کارەکانیەتی و مۆتیڤ و تازەگەرییە.

لەپاشان هونەری کوردی بۆ دەبێت جیابکرێتەوە لە گشت هونەرەکانی تری دونیا. هونەرمەند دەبێت هونەرییانە تەماشای هونەر بکات نەك ناسیۆنالیزم یان سنوردار بێت، هونەرمەند پێویستی بەجیاوازبوون هەیە لەکاری هونەریدا.

***رەوتی مۆدێرنە لەمێژوودا زۆرێك کاریگەریی بەسەر چەمکە ژیارییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەجێهێشتووە، لەوانەش هونەری شێوەکاری، دەکرێت بزانین مۆدێرنە لەکوێدا کاریگەریی بەسەر هونەری شێوەکاریدا بەجێهێشتووە؟**

—خۆی لەخۆیدا تازەگەری کاریگەر نییە، بەڵکو لەسنورەکانی مۆدێرنە خۆیدا دروست بووە، هەندێجار مۆدێرن بەپاساو خزمەتکردنی تەواوی رۆح و مانەوەی مرۆڤەکانەو هەندێجاری تریش سەرتاسەری هەنگاوەکانی قورسن بۆ قبوڵکردنی وەك دونیای تازەگەری و دیکۆراتیڤ و جیانەکردنەوەی لەهونەری راستەقینە، ئەمەش هۆکاری مۆدێرنە کە ناتوانرێت بەئاسانی هونەر لەپێناوی خزمەتکردن و چارەسەری مرۆڤایەتیی هەمیشە بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێتە دیکۆر بوونی هونەری و نەتوانینی بۆ رادەی هونەری، لێرەش دونیای مۆدێرنە و بەڵام هەندێ جاریش لەناو مۆدێرنەدا پرسیاری قوڵترو بێ وەڵام دەمێنێتەوە.

***هەنووکە رەوتی هونەری شێوەکاریی ئەوروپی بەچ ئاقارێکدا گوزەر دەکات؟**

—رۆژانەی ژیانی هونەرمەند لێرە هەمیشە گۆڕانکارییەو ناتوانیت لەیەك قاڵب و یەك بەرگی بدەیت، لەهەندێ جاریشدا ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە گۆڕان لە هەڵسوکەوتی هونەرمەندیشدا، بۆ ئەوەی تازەگەری رابگەیەنێت و جیاوازی هەبێت لەنێوان هونەرمەندو مرۆڤەکانی تردا.

هونەری ئەوروپا جۆراوجۆرەو تەماشاکاری جیاوازیشی هەیەو هەتا ئێستاش تەماشاکارو بینەری مۆدێرن و تازەگەری سەرتاسەری نییە.

***لەنێو هونەری شێوەکاری کەم تا زۆرێك کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە پێشانگەکان لەدەرەوەی هۆڵ و مۆزەخانەکان نمایش دەکرێت، کە زۆرێك ئەمجۆرە ئیشکردنە بەکاری هونەری گەڕۆك ناودەبەن، تۆ ئەمجۆرە کارکردنە چۆن دەبینیتەوەو تا چەند لەهونەری شێوەکاریی ئەوروپیدا ئەم کارکردنە هونەرییە پێگەیەکی بەهێزی هەیە؟**

—لەدونیای تازەگەری و فراوانیدا کۆمەڵگای هونەرخواز چیتر نایەوێت تابلۆکان لەچوارچێوەیەکداو لەنێو هۆڵێکدا بەدی بکات و بتوانێت لەدەرەوەی هۆڵیش کاری هونەری بەدی بکات و ئەم جۆرە هونەرە رۆژانە لەسەر شەقامەکان دەبینرێت، کە زۆرجار مرۆڤەکان خۆیان دەکەنە رەنگ و بەجۆرێك دێنە بەرچاو وەك پەیکەرێکی گەڕۆك و بۆ چەند کاتژمێرێك دەبێتە کارێکی هونەری و کۆمەڵێك پێی ئاشنادەبێت و هەروەها بەکاری (ئەنستالیسۆن) و بەشێوازی تیشك پێشکەش دەکرێت، کە ئەمەش جۆرێکی ترە لەکاری هونەری و تازەگەری، من بۆ خۆم لەساڵی 2004دا لەجێگایەکی شاری (میونیش) توانیم تابلۆیەك کە (50مەتر) درێژێکەی بوو پێشکەش بکەم بەناوی (گۆرانییەك لەهەناسەکانمان) کە کارێکی نوێ بوو و لەدەرەوەی گەلەری

پێشکەشکراو جیاوازییەکی زۆری هەبوو وەك لەوەی لە گەلەرییەك پێشانگەیەك بکەمەوەو جوانییەکی تایبەتی خۆی هەبوو.

***زۆرجار لەنێو هونەری شێوەکاریدا کاریگەرییەکانی فکرو فەلسەفە بەدی دەکرێت، بەلای تۆوە ئەم چەمکانە تا چەند کاریگەریان هەیە لەسەر هونەری شێوەکاری؟**

-هەر کارێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ فیکری رۆحی هونەرمەندو جولاندنی هەستی هونەرمەند، کە دەگەڕێت بۆ ئەنجامی کارێك کە تیایدا بە بەختەوەری بگاتو خاڵێك یان هێڵێك دڵخۆشکەری‌و میهرەبانبوونی رۆحی هونەرمەند دەستەبەر بکات، لەپاشان باوەڕم نییە هیچ کارێکی هونەری بێ فیکری هونەرمەند، بەمانای فەلسەفەیەك هەیە کە بتوانێت جیاوازی نیشان بدات بۆ کارێکی جوان‌و هونەرمەند تیایدا بەختەوەر بێت.


تابلۆیەکی بەهادین

لێرە هونەر جۆری زۆرە، یان بۆ دیکۆری جێگاکان‌و یان بۆ بازرگانی‌و یان بۆ خزمەتە لەناو هونەری نوێدا. ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ رێچکەیەك کە هونەرمەند ئامانجی کارەکانی چین، یاداشتن یان نیشاندانی هێزی بەکارهێنانی رەنگ‌و دابەشبوونیان یان بە پەیوەندی بوونی فەلسەفەیەک، کە ئەویش پەیوەندیی بە سروشتی هونەرمەندەوە هەیە. لە کارەکانی سالانی 2001 بۆ 2002دا من دەمویست چارەسەربوونی رەنگ زاڵ نەکەم بەسەر بابەتدا، چونکە دەمەوێت رۆحی مرۆڤەکان هێمن بکەمەوەو دنیایەکی تەواو جیاواز دروست بکەم، چونکە سروشت تەواو زاڵ بووە بەسەر دەربڕینداو هەموو شتەکانی دونیای تازەگەری لەسەرو ئەبستراکتەوەن‌و هونەرمەندی شێوەکاری دەیەوێت لەدونیای بۆرژوا پێشکەوتووتر بێت‌و بگاتە چاوی کۆمەڵگا پێش هەموو شتێکی تر. فیکر بەتەنها دۆزینەوەی بابەتی چڕوپڕ تەکنیك نییە، بەڵکو دۆزینەوەی دابەشبوون‌و هێمنکەرەوەی رۆحی هونەرمەندە بۆ نیشاندانی لەفیکردا.